# یادێک بۆ سیمۆن دێ بۆڤوار نووسەر فێمێنیست و فەیلەسووفی سەرکێش سەرکێش

ڕەهیار شەریف
لە فارسییەوە:
شیتاڵ عەبدولعەزیز
زانستگەی سۆران

نیوەی یەکەمی مانگی کانوونی دووەم، ساڵیادی لەدایکبوونی (سیمۆن دێ بۆڤوار-Simone de Beauvoir)ـە، کەسێک، کە بەم شێوەیە لە پێناسەکردنی خۆیدا دەڵێت: «ئەگەر بمەوێت پێنەسەی خۆم بکەم، یەکەم شت، کە دەبێت بیڵێم ئەوەیە؛ کە من ژنم». ژنێک، کە دواتر بووە دەرخەری ڕۆشنبیریی، ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربرینی ژنان لە سەتەی بیستەم؛ تا ئەو ڕادەیەی لەگەڵ تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، تیۆرەکانی وێ، لە بواری ناسنامەی ژنان و مافی کۆمەلایەتییان هەر بە نوێیی و پێشکەوتویی دادەندرێن. ئەو، لەو باوەڕەدابوو «مرۆڤ بە ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بە ژن».
تێڕوانینی چەند لایەنە و فراوانیی بیروڕاکانی «سیمۆن دێ بۆڤوار» لە هەموو بوارەکان، بووەتە هۆی ئەوەی، کە ئەمڕۆ هەندێ وەسفی جیاواز و دژبەیەک لەم نووسەرە ناودارە خستووتە بەردەم خوێنەران. هەندێ بابەت، کە نیشاندەری کەسایەتیی چەندڕەهەندی ژنێکن، کە ناتوانن بە پێی دابونەریت و یاسای سەپێندراو بژێت، کە نە تەنیا خامەی خۆی، بەڵکو ژیانی خۆیشی کردە نموونەیەک بۆ ئەو ژنانەی، کە خوازیاری ئازادیی بوون لە هەموو ئەو کۆتوبەندانەی، کە کۆمەڵگە دروستی کردوون و داواکاریی بەرەوپێشچوونی هەمەلایانەی ناسنامەی خۆیانن.
بۆرژوازیی (Bourgeoisie)ی ئەم بیریارە، نووسەر و فێمێنیستی فەرەنسیی لەگەڵ ئەوەی، کە لە خێزانێکی کاتۆلیکیی چاوی بە دنیا هەڵێنابوو و کەوتە ژێر پەروەردەکردن و فێرکردنی دابونەریتە ئایینییەکان و بۆرژوازییەت، بەڵام هیچ کات غافڵ نەبوو لە سەرکێشییکردن بۆ پەڕتووکخانەی باوکی و خوێندنەوەی شاراوەیی بۆ پەڕتووکە قەدەغەکراوەکان، دواتر لەگەڵ ئەوەی، کە باوکی بە توندیی ناڕەزایەتیی دەربڕی بەرانبەر بە کارەکەی، بەڵام ئەو ژیانێکی سەربەخۆی هەڵبژارد و لە ماڵەوە جیابووەوە و دەستیکرد بە خوێندن لە بواری ئەدەب و فەلسەفە لە زانستگەیەکی زۆر باش و هەروەها لە زۆربەی شوێنە زانستیی و دامەزرێنەرەکانی «سەنت مارین» و « سۆربۆن». خوێندنی فەلسەفە و چوونە ناو بازنەی فەلسەفیی ‹›سارتەر›› و هاوڕێیانی، بووە هۆی سەرهەڵدانی پێوەندییەکی سۆزداریی ئاڵۆز لە نێوان هەردووکیان (سارتەر و سیمۆن). پێوەندییەک، کە بە پێچەوانەی دابونەریتی ئەو سەردەم؛ نە بووە هۆی دروستبوونی هاوسەرگریی و دروستکردنی خێزان، نە بووە بەرهەمی مۆراڵی بۆرژوازیی باوی ئەو سەردەمە. ژان پۆل سارتەر و «سیمۆن دێ بۆڤوار»، بێ‌ئەوەی، کە هیچ کاتێک پەیمانێکی ڕەسمیی واژۆ بکەن، پێوەندییەکی ئازادیان لەگەڵ یەکتر دروست کرد، کە تێیدا هەمیشە جەختیان لەسەر ڕاگرتن و پارێزگارییکردن لەسەر هەبوونی ڕاستگۆیی دوولایەنە دەکرد. بەڵام لەهەمان کاتیشدا، ئازادبوون لەسەر دروستکردنی پێوەندییە سێکسییەکان، یاخود سۆزدارییە قووڵ و لاوازەکان لەگەڵ خەڵکانی تریش. سارتەر و دێ بۆڤوار، بەم شێوەیە ئەو وێنا باوەی، کە گشتگیر بوو لە بارەی عەشق و هاوسەرگریی، هەروەها هزری یەکخێزانیی، کە لەلای چینی بۆرژوازیی باو بوو، ڕەتکراوەتەوە.

سارتەر و دێ بۆڤوار، دوو گەنجی سەرکێش بوون، کە لە خێزانی ئایینییدا پەروەردە کرابوون و یادەوەرییی منداڵیی بۆ هەردووکیان زۆر تاڵ و ڕەش بوو، لە لایەکیش سارتەر، کە هەر لە منداڵییەوە باوکی لە ژیاندا نەمابوو، کاتە تەنیایی و بەتاڵەکانی بە بینینی فیلمە بێدەنگەکان پڕکردەوە. لە لایەکی تریشەوە، سیمۆن هەمیشە سەرگەردان بوو لەنێوان شەڕەکانی دایکە دیندار و باوکە سەرخۆشەکەی. لەوانەیە پێگەیشتن و گەورەبوون لەم جۆرە ژینگەیەدا بووبێت، کە وای لێکردن هەموو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵ و ئالۆز بکەن، بێفەرمانییەک، کە تەنیا کۆتاییی نەهات بە شێوازی ژیانی ئەم دوو نووسەرە، بەڵکو ڕووخساری ڕاستیی خۆی لە بەرهەمەکانی ئەوانیش پیشاندا. بۆنموونە، ئەوەی، کە سارتەر لە «بوون و کات»دا نووسیویەتی، نموونەیەکە لەم سەرکێشییە، ڕشانەوەیە. بەڵام ئەوەی، کە «دێ بۆڤوار»ی کردە ئاڵاهەڵگری تێکشکاندنی یاسا دەستوپێگرتووەکانی کۆمەڵایەتیی، نووسینی پەڕتووکێک بوو لە ژێر ناونیشانی «ڕەگەزی دووەم»، کە بە ئیلهاموەرگرتن لە بنەمای جووڵانەوەی مۆدێرنی فێمێنیزمەوە نووسراوە. دێ بۆڤوار، لە «ڕەگەزی دووەم» دەستی کرد بە شیکردنەوەی ئەو زوڵم و زۆرداریییەی، کە بەرانبەر ژنان کراوە بەدرێژایی مێژوو و ڕەگەزی ژنی خستووەتە بەر نیشانە و توانجی خۆی، وێ پەڕتووکەکەی لە دوو بەشدا ئامادە کردووە، لە بەشی یەکەم؛ کەوتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی باوکسالاریی و لە بەشی دووەم؛ کەوتە شیکردنەوەی شارەزاییە تایبەتییەکانی ژیانی ژنان. «سیمۆن دێ بۆڤوار» لەم پەڕتووکەدا پشت دەبەستێت بە بەڵگە مێژووییەکان و باس لەم هۆکارانە دەکات، کە وای لە ژنان کردووە قبووڵی ڕەگەزی پلەدوو بکات، لە کۆمەڵگە مرۆڤیی و شارستانیەتییەکاندا. ئەو لەو ڕێگەیەدا سوودمەند بووە لە زانستەکانی وەک بایۆلۆژیی، زانستە سروشتییەکان، ئەفسانە، فەلسەفە و کۆمەڵناسیی. پەڕتووکەکە لە کاریگەرترین بەشی خۆی لە ژێر ناونیشانی «ژنانی خێزاندار» کەوتووەتە لێکۆڵینەوەکردن لە چیرۆک، نووسراو و یادەوەرییەکانی ژنە نووسەرەکانی وەک «ڤێرجینیا وۆلف» و «ئەدیت وارتۆن» و ڕەخنە دەگرێت لە پیاوانی وەک «ئەستاندال»، «مونتاین» و « دی. ئاچ لۆرنس» بە هۆکاری قسەکردن لە زاری کەسایەتیی ژنانی ناو چیرۆکەکانیان. ئەم ڕەخنانە بڵاودەکاتەوە بە پاڵپشتییکردن لەسەر شێوازی ڕەفتاری خۆیان، لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە ژیانی هاوبەشیاندا. ئەو پێداگیریی لەوە دەکاتەوە، کە ژنان هەوڵبدەن بۆ ئازادیی و وەرگرتنی مافەکانیان، هەروەها ئازادیی و سەربەخۆییە ماددییەکانیان بە مەرجی پێویست دادەنێت بۆ وەرگرتنی ئەم ئازادییە. سەرباری ئەمە وێ، تەکەز لەوە دەکاتەوە، کە سەرکەوتنی ژنان لەم جەنگە، لە ڕاستییدا ئەمەش نەک خۆبەزیادەوە بینین بە بەراورد لەگەڵ پیاوانە، بەڵکو بۆ یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاوان و شیرینیی ئەم سەرکەوتنەش دەمی پیاوەکانیش شیرین دەکات. «کاتێک نیوەی مرۆڤایەتیی لەژێر بەندایەتییی نیوەی تر ئازادکراو و

و لەگەڵ ئەویشدا سیستێمی درۆ و زوڵم لە ناو بردرا». هەموو دەرکدەکەن بە مانای ڕاستیی پێوەندیی نێوان ژن و پیاو و تێدەگەن لە سوود و باشیەکانی بە یەکسانبوونی ژنان و پیاوان لە بارودۆخی ئێستا. بەڵام بڵاوبوونەوەی «ڕەگەزی دووەم» هاوکات بوو، لەگەڵ ئەو کاتەی، کە لە فەڕەنسا تەنیا ساڵێک تێپەڕیی بوو لە پەسەندکردنی یاسای مافی دەنگدان بۆ ژنان و گفتوگۆ لەبارەی ڕێگرتن لە منداڵبوون و لەدایکبوونی منداڵی نەخوازراویش بە وێنەی تابوو هەژمار دەکرا. ئەو کۆمەڵگە داخراوە، بە هیچ شێوەیەک پێداگیرییەکانی ژنانی قبووڵ نەبوو. لەم ڕووەوە بەچاپگەیاندنی ئەم پەڕتووکە، بووە هۆی بە لێشاو ڕژانی گازەندەکان، هەروەها ناڕەزایەتیی و تۆمەتی بەربڵاوی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەم پەڕتووکە کەوتە بەر هێرشی توندی دامودەزگەکانی ڕاگەیاندن. ڤاتیکان، بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم پەڕتووکەی خستە ناو پێڕستی پەڕتووکە قەدەغەکراوەکان. هەروەها «ڕەگەزی دووەم» بووە هۆی تووڕەبوونی دەستەیەک لە پیاوانی نووسەر، وەک ئالبێرکامۆ، کە گازەندەیەکی توندی دەربڕی و وتی «دێ بۆڤوار» سووکایەتیی بە پیاوانی فەرەنسیی کردووە.» دێ بۆڤوار، هەندێک جار ماندوو دەبوو لەو هەموو ناڕەزایەتیی و گازەندانە و لەبەر تووڕەبونی زۆریشی، کە هەیبوو لەبارەی بارودۆخی ژنان لەو کاتدا لە چوارچێوەی ژیربێژ لایدەدا و باسی لەو بارودۆخە سست و ئازاردەرە دەکرد و بیروباوەڕەکانی پێشان دەدا، کە لەوانەیە بە باوەڕی هەندێک کەس قبووڵنەکراو بێت، بۆنموونە لە شوێنێکدا باس لە سووڕی مانگانەی ژنان دەکات و بە ترسناکترین ئازار و هەتا ئۆزینگدان وەسفی دەکات. بە شێوەیەکی گشتیی سووڕەکانی تایبەت بە لەدایکبوونی منداڵ و خستنەوەی وەچەی نوێ لە جەستەی ژنان، بە کەنیزەکبوونی ژنانی هەژمار دەکرد، «کە لەسەر بنەمای ژیانی ڕاستیی دوو هاوسەر secret time» بوو. دێ بۆڤوار، هەروەها لە ڕۆمانی «کاتی ڕازداریی» نووسیبوو، کە باس لە ژیاننامەی ڕاستەقینەی ژن و مێردێک دەکات، کە ناسیاوی خۆی بوونە. ئەو هەردوو هاوژینە، کە لە سەردەمی خۆی بە دوای داهێنان و کردنەوەی ڕێگە نوێیەکان بوون، بەڵام کاتێک، کە لە شوێن دایک و باوک دانران، هزرە ڕزیوەکانی ڕابردوو لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و توانای دەرککردنی جیهانبینیی و شێوازی ژیانی گەنجان و منداڵەکانی خۆیان نییە. «من وەک میوەیەک بە جەستەیەکی کرۆچ دەڕزێم، بەڵام پێناگەم، ئیتر هێزی چالاکیی پێشووم نەماوە. توانای نووسینم تونەیە، لە لایانی کوڕەکەم خیانەت لە ئارەزووەکانم کراوە و هەموویان لە ناوچوون. ئەو شتەی، کە زیاتر لە هەموو شتێک منی خەمبار دەکرد، ئەوەبوو؛ کە هەموو شتێک لە نێوانمان (من و هاوسەرەکەم) دەڕووخا و کێشەکان لێکترازانی دەخستە ناومان، میهرەبانیی و خۆشەویستیی نێوانمانی لەناو دەبرد، من فێلم لەخۆم دەکرد کەوا باڵەفڕکێمە، لەکاتێکدا لەسەر لێژایی بووم. لەو ڕێگەیەی، کە گرتبوومانە بەر، زۆر بە خێرایی گۆڕاین و بووین بە پیرەمێرد و پیرەژنێک بە تەنیشت یەکەوە...

دێ بۆڤوار، لەم پەڕتووکەدا هەوڵیداوە پێداچوونەوە بە پێوەرە بەهادارە سەپێندراوەکانەوە بکاتەوە و و بە نەوەی ڕابردوو بڵێت: کە دژەیەکبوون لە کارکردن و پرۆسەکانی نەوەی نوێ، لەگەڵ ئاراستەی ئێستا، هۆکاری بێبەهابوونی کار و ئەنجامەکانی ئەوان نییە. ئەو لە ڕۆمانی سێیەمی خۆیدا بەناوی ‹‹هەمووومان دەمرین›› باس لە ژیانی فۆسکای حەوتسەت ساڵە دەکات، کە دادوەرێک بووە، بەهۆی ترسان لە مردن و ترسان لە سەرنەکەوتن بۆ دامەزراندنی شارێکی جوان و سەربەرز، ئیکسیری بۆ ژیانی پایەداریی خواردووەتەوە و بووەتە نەمر. لێ لەکۆتاییدا فۆسکای لەوە تێدەگات، کە مەحکوم کراوە بە ئاوارەیی و بێهیواییەکی ئەبەدیی، چونکی ئیتر هیچ کار و ڕووداوێک سەرجی ڕاناکێشن. ئێستا ئەو ئاگاداری ئەوەیە، کە شتەکان هەموویان کاتیین و لە پایەدارییدا بەردەوام نین. بە بڕوای ئەو/فۆسکای هەوڵی مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان بێسوودە، چونکی دەبێت لە دوای مردن واز لە هەموو دەستکەوتەکانیان بهێنن، هەروەها خەباتی کۆمەڵایتیی و سیاسییش بە پووچ و بێبایەخ دەبینێت. لە ڕاستییدا، دێ بۆڤوار لەم پەڕتووکەدا دەستی کرد بە جۆرە گەڕانێک لە زەمینەی توانای کاریگەریی خستنەسەر تاک لەسەر تێگەیشتنی مێژوو. هەروەها لە بەناوبانگترین و بە بەهاترین بەرهەمی ئەو نووسەرە، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەمانە: «میوان، خوێنێکی تر، یادەوەرییەکانی کچێکی گوێڕایەڵ، ماندارینەکان، مردنێکی لەسەرەخۆ، وێنەی جوان، پیریی، ئاهەنگی ماڵاوایی»

دێ بۆڤوار، هەر لە ساڵی ١٩٦٨ ـەوە سەرەڕای نووسین، ڕوویکردە خەباتی کۆمەڵایەتیی بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان. ئەو لە چالاکییەکانی، وەک پێدانی ماف بۆ لەباربردنی منداڵ، دروستکردن و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان بۆ ئەم کارە، هەروەها کارکردن بۆ پاڵپشتییکردنی ژنانی بێهاوسەر، بەدەرخستنی دەستدرێژییکردن و شەڕکردن لەگەڵ مەسەلەی خەتەنەی ژنان و هەوڵدان بۆ پشتگیرییکردنیان لە ستەم و زۆرداریی بەرانبەر بە ژنان بەشداریی کرد.

دێ بۆڤوار، هەروەها لە پەڕتووکی یادەوەرییەکانی خۆی، باس لە پێوەندییە ئاشقانەکەی لەگەڵ نلسون ئالگرن و کلودلانزمندا دەکات: ئاشنایی ئەو لەگەڵ ئالگرن، نووسەری ئەمریکایی، بە ئینگلیزێک دەزانێت بۆ نووسینی «ڕەگەزی دووەم» و مانەوەی کورتی خۆی لە ئەمریکا، لەگەڵ ئالگرن، بووە هۆی ناسینێک بەرفراوان لەبارەی کۆمەڵگەی ئەمریکا، هەروەها ئەو باس لە «نووسەر و ڕۆژنامەنووسی «Young lanzm» ، کە لە پێوەندیی قووڵ و عاشقانەدا بووە لەگەڵیدا دەکات، هەروەها باسیش لە لانزمنی گەنجی یەهوودی دەکات، کە هەژدە ساڵ لەو بچووکتر بوو. هەرچەند سارتەر ئاگاداری ئەم پێوەندییە بوو، بەڵام نەبووە هۆی بریندارکردنی پێوەندییی نێوان هەردووکیان و پێوەندییەکان هەر بە تۆکمەیی و گەرمیی مایەوە. ئەو پێوەندییە، کە هەتا مەرگیش لێکی هەڵنەوەشاندەوە و ناوی هەردووکیان بە بەردەوامیی لە تەنیشت یەکترەوە دەهات. لەوانەیە ئارامگرتنی ئەم دوو بیرمەندە، لە دوو گۆڕ بەتەنیشت یەکەوە، نیشانەیەک بێت بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە.

***

سەرچاوە:

http://iranefardanews.com/٠١/٢٠١٥/یادی-از-سیمون-دوبوار-نویسنده،-فمینیست